# بنچینەکانی بینای «شانۆیی»

ئازاد بەرزنجی

**«من هەرچەند ئەو ژمارە زۆرە لە بەرزە پیاوانی فیکر لە جیهاندا دەبینمەوە – وەکو سۆفۆکلیس و ئەرستۆفان و شەکسپیرو گۆتەو مۆلیرو ئیبسن و شۆ – وێنەی دراماییان بۆ خستنە رووی فیکری خۆیان هەڵبژاردووەو . هەرچەند ئەوەم دێتەوە یاد کە شانۆ گشت سنووری نەتەوەکان و ئایینەکان و رەگەزەکانی بڕیوەو رەتکردووەو هەرچەند ئەو چێژو خۆشی یەی شانۆم دێتەوە بیر کە لە ماوەی چەندان چاخدا بە ملیۆنەها خەڵکی بەخشیوە . . . تابێت پتر شانازی بە پیشەکەمەوە دەکەم»**

**–هیلین هایز[1] –**

**سەرەتا :–**

دەڵێن دیگاس (کە نیگارکێشێکی فەرەنسایی بووە) جارێکیان دەچێتە لای «مالارمێ»ی شاعیرو پێ ی دەڵێت :– گەرچی مێشکم پڕە لە بیرۆکە کەچی نەمتوانی تاقە قەسیدەیەك بنووسم . لە وەرامدا شاعیری مەزنی فەرەنسا دەڵێت :– بەڵام ئازیزم شیعر لە بیرۆکە ناخولقێنرێت ، بەڵکو لە وشە[2] ، هەر بۆیە کەس ناتوانێت بە زانینی ئەو توخمانەی شیعریان لێ پێك دێت هەر لە ئیقاع و مۆسیقاو وێنەی شیعری و تێکەڵاوبوونی ئەمانە لەگەڵ بیرو سۆزی شاعیردا شیعرێکی بەرز بنووسێت ، یان ببێتە شاعیرێکی سەرکەوتوو . چونکە شیعر مەسەلەیەك نی یە فێربکرێت و ئەو توخم و ڕەگەزانەی شیعریش پێك دەهێنن لە رووی تیۆری یەوە لێك جودا دەکرێنەوە ، بەڵام لە رووی کردەییەوە ئەمانە یەکەیەکی ئەندامی ی لێك نەپچڕاو پێك دەهێنن کە زادەی بیرو ئەندێشەو هەست و سۆزی شاعیرەکەیەو لێك ترازانیان شتێکی مەحاڵە . دەتوانین هەمان شت بەسەر شانۆییدا بچەسپێنین .

«شانۆیی» وەکو گشت هونەرێکی دی ئافراندنە ، هیچ کارێکی ئیبداعیش زادەی موعادەلەیەکی ماتماتیکی نی یە وەکو ئەوەی دەڵێین یەك و یەك دەکاتە دوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نەتوانین لەمەڕ چۆنێتی پێکهاتنی ئەو کارە هونەریەوە بدوێین ، بۆیە لێرەدا دەڵێین تۆژینەوەی ئەو بنچینانە یا بنەمایانەی دەبنە کۆڵەکەی نووسینی شانۆیی کەس ناکاتە نووسەرێکی شانۆیی ی سەرکەوتوو ، گەرچی یۆجین ئۆنێل (١٨٨٨–١٩٥٣) گوتەنی «ئەم بنچینانە ناتوانرێت بە سەرکەوتوییەوە بشکێنرێن و یان پەیرەویان نەکرێت تەنها لە لایەن ئەو نووسەرانەوە نەبێت کە شارەزاین»[3] .

کەواتە پێویستە نووسەری شانۆیی سروشتی ئەم بنچینانە بزانێت کە مێژووی درێژی شانۆ سەلماندوویەتی و لە خۆڕا



ابســـن



سترندبرج



شـــۆ

نەهاتوون . ئەم زانینەیش لە سەربەستیی لە داهێناندا کەم ناکاتەوەو بەڵکو توانای نووسەر پتەوتر دەکات .

ئێمەیش کە هێشتا نووسینی شانۆیی لامان ساوایە ، بوونی ئەم لێکۆڵینەوانە لە بارێکی وادا کە هەوڵدان بۆ نووسینی شانۆیی لە ئارادایەو بەڵام ئەو هەولانە لە زۆر رووەوە کەموکورن خۆی دەسەپێنێت . بۆیە هیواداریین لەم کورتە توێژینەوەیەدا توانیبێتمان تیشکێك بخەینە سەر سروشتی شانۆیی (وەك ئەدەبێکی نووسراو)و ئەو بنچینانەی کە درامانووس رەچاویان دەکات .

**ئامانج لە «شانۆیی»دا :-**

هەر شانۆییەك بگرین مەبەستێك دەپێکێت ، بەڵی ئامانجی گشتیی نووسەرانی شانۆ خرۆشاندنی سۆزو هەستی جوانیی خوێنەر (یا تەماشاکەر)ە کە لە رێی فۆرمە شانۆییەکەوە دێتەدی . بەڵام نابێت ئەوە لە یادبکەین کە وێرای ئەمە شانۆیی جیددیی و مەزن هەمیشە مەسەلەیەکی فیکری دەخاتەروو کە هەڵوێستی نووسەر لە ئاست بوونی مرۆڤ و کێشەکانی ژیانەوە پیشان دەدات ، کەواتە ئامانجی شانۆیی رەسەن وەدی هێنانی سەرکەوتوویە لە هەردوو ئاستەکەدا : ئاستی فیکریی و ئاستی جوانی . بەڵام لەگەڵ پێگیری کردنماندا لەسەر بوونی « بیر - الفکر» لە شانۆییدا کە خۆی لە بیرۆکەی سەرەکیی (یان وەکو لایوس ئیگری دەڵێت «پێشەکیی مەنتیق»)دا دەنوێنێت . دەڵێین ئەمە ئەوە ناگەیەنێت نووسەری شانۆی رۆڵی موحازیر ببینێت ، چونکە جەماوەر بۆ گوێگرتن لە ئامۆژگاریی و موحازەرات نایەن بۆ شانۆ . بەڵکو بۆ «بینینی شانۆییەك» دێن .

کەواتە پێویستە شانۆیی «بیرۆکە» یەك بخاتەروو . جا ئیدی هەرچییەك بێت گرنگ ئەوەیە ئینسانی بێت و لەمەڕ مرۆڤ و کێشەکانییەوە بدوێت . ئەمەیش پێداگرتنە لەسەر بوونی «مانا»و (بوونی ماناییش شتێکی گرنگە بەنیسبەت مرۆڤەوەو . مەسەلەیەکە هەر کاتێك ژیانیان خاڵی بوو لە مانا دەیدۆزنەوە . هونەر رێگای سەرفرازییە لە دەریای بێ مانایی رزگارمان دەکات . . ئەمەیش خزمەتێکی گەورەیەو ، بەتایبەتی لەم چاخەماندا کە ئایین و فەلسەفە ئەو رۆڵەیان کزبووە . کە بەم جۆرەش رزگارمان بوو ، ئەوا سەر لەنوێ کەرامەتی خۆمان دەدۆزینەوە ، تەنها بەهۆی ئەوەیشەوە دەتوانین کەرامەتی کەسانی تریش بدۆزینەوە . واتە کەرامەتی ژیانی مرۆڤایەتی)[٤]

**- بنچینەکانی بینای دراماییی -**

**ململانێی دراماییی :-**

لەبەر ئەوەی دراما بایەخ بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات ، کەواتە ململانێیش کە جەوهەری درامایە سیفەتی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرێت ، هەڵوێستی دراماییش لە دژایەتیی نێوان دوو هێزەوە پەیدادەبێت کە هەمیشە یەکێکیان لە ئیرادەی مرۆڤ پێك هاتووە ، ئەوەتا رەخنەسازی فەرەنسایی فردیناندن پرونتیر لە «یاسای شانۆیی»[٥] دا دەڵێت (شانۆیی خستنەروو یا وێنەکێشانی ئیرادەی مرۆڤە لە ململانێیدا لەگەڵ ئەو هێزە نادیارە یا سروشتیانەی لە دەورمان و رووبەڕوومان دەوەستنەوە . برێتییە لە کەسێك لە ئێمە کە بەزیندوویی فڕێ دەدرێتە سەر تەختەی شانۆ تا خەبات بکات دژی چارەنووس و قەدەر . . دژی یاسای کۆمەڵایەتی . . دژی ئادەمزادێك . . دژی خۆی گەر پێویست بکات . . دژی حەزو بەرژەوەندیی ئەوانەی لە دەوروبەرین و . . دژی ئاوات و دەبەنگی و رقیان)[٦] .

بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە هەموو ململانێیەك دراماییی نییە (گەر لە جەنگێکی ئەتۆمیدا هەموومان بفەوتێین ، ململانێ بەمانا فیزیایی و کیمیاییەکەی دەمێنێتەوە ، بەڵام ئەمە دراما نییە . . کردارێکەو ڕوودەدات . گەر دراما شتێك بێت ببینرێت . ئەوا پێویستە یەکێکیش هەبێت ببینێت . دراما شتێکە تایبەتە بەمرۆڤ)[٧] ویان زۆرانبازیی نێوان دوو بۆکسەر «ملاکم» تا یەکدی بەزەویدا بدەن بە ململانێیەکی دراماییی لە قەڵەم نادرێ ، لەبەر ئەوەی ئەم ململانێیە



کورنی

کۆمەلآیەتی نی یە . . یان پەیوەندی ی بە بەها مرۆڤایەتیەکانەوە نی یە .

هەروەها نووسەری شانۆیی پێویستە ئیرادەی کاراکتەرە دژ بەیەکەکانی وایپیشان بدات کە هاوتان بۆئەوەی ململانێکە توندو تیژو کاریگەر بێت‌و کاراکتەرەکان (بەتایبەتی کاراکتەرە سەرەکیەکان) بەرگەی بەرهەڵستی بگرن تا ڕووداوەکان دەگەنە ترۆپك . چونکە گەر لایەك لاواز بێت‌و ئەوی دی بەهێز ئەوا ململانێکەیش لاوازدەبێت . . لەبەرئەوەی هێزە لاوازەکە توانای بەرگری‌و بەرهەڵستی نامێنێت‌و زوو چۆك دادەدات‌و بەمەیش درامایەکی کاڵ‌و کرچاں دەست دەکەوێ .

لە ڕاستیدا توندو تیژی‌و تینی ململانێ ی درامایی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە وێنەکێشانی کاراکتەرەوەو بە تایبەتیش کاراکتەرە سەرەکیەکان ، جا نووسەر چەندە بایەخ بەو کاراکتەرانە بدات‌و بەوردی‌و لێهاتووییەوە وێنەی کاراکتەرەکانی بکێشێت‌و هاندەری بەهێزیان بداتە پاڵ ئەوەندە ململانێکەیش بەهێز دەبێت .

ئێستایش جۆرەکانی ململانێ لە «شانۆیی»دا دەخەینە ڕوو کە بریتین لە :-

١ - ململانێ ی نێوان مرۆڤ‌و خودی خۆی :-

ئەم جۆرە ململانێ یە لە ناوەوەی کاراکتەرەکەدا روو دەدات ، کاتێك کاراکتەرەکە دووچاری کۆمەڵێك بارو هەلویستی وا دەبێت کە ناوەوەی دەشلەقێنێت‌و بۆیە لە هەڵبژاردنی کارێك یامەبەستێکدا دردۆنگ «قلق» دەبێت‌و تووشی خۆخواردنەوە دەبێت ، نموونەی کلاسیکی ی ئەم جۆرە ململانێ یە لە شانۆیی ی «هاملێت»ی شەکسپیردا دەبینینەوەو لە مۆنۆلۆگی (بوون یا نەبوون . . ئا ئەمەیە کێشەکە . .) دا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە هاملێت چۆن کەوتووەتە گێژاوی ململانێ یەکی توندو تیژەوە لە ناوەوەیدا . هەروەها لە شانۆیی سید ی پییر کۆرنی (١٦٠٦-١٦٨٤)دا «رۆدریك» تیا دەمێنێت لە نێوان خۆشەویستی ی بۆ «شیمین» و تۆڵەسەندنەوە بۆ باوکی لە دوژمنەکەی کە «باوکی شیمین»ە . نموونەی هاوچەرخی ئەم ململانێ یەش لە شانۆیی ی «ئیمپراتۆر جۆنز»ی یۆجین ئۆنیل دا دەبینینەوە .

٢ - ململانێ لە نێوان مرۆڤێك‌و مرۆڤێکی تردا :-

ئەم جۆرە ململانێ یەش ئەوەیە کە هەردوو هێزە بە گژیەکدا چووەکە لە دوو کاراکتەردا خۆیان دەنوێنن . نموونەی ئەم تەرزە ململانێ یەش لای شەکسپیر دەبینینەوە وەکو : ململانێ ی نێوان «هاملێت»و «لایرتیس» لە نمایشنامەی «هاملێت»دا . هەروەها ململانێ ی نێوان «رۆمیۆ» و «تایبلت» لە نمایشنامەی «رۆمیۆو جولییت»دا . لای ئیبسن (١٨٢٨-١٩٠٦)یش لە «ماڵی بووکەشووشە دا کە ئەو ململانێ یە بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی شانۆییەکەدا لە نێوان «نورا» و «هاڵمەر»دا تیژ دەبێت . ورەنگە ئەم تەرزە ململانێ یە لە شانۆییدا خوی لە دوو بەرە یا دوو کۆمەڵدا بنوێنێت .

٣ - ململانێ ی نێوان مرۆڤ‌و کۆمەڵ :-

لەم جۆرە ململانێ یەدا کاراکتەرەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکە دەوەستێتەوە لەرووی بیروباوەرو ئاکارو داب‌و نەریت‌و . . هتدو . بەسەهەندیەوە بەرگری لە بەهایەك دەکات کە خۆی باوەری پێ‌یەتی‌و بەلام کۆمەڵگاکە بەرپەرچی دەوەستێنەوە . ئیبسن لە زۆربەی شانۆییەکانیدا بەجوانیەکی بڵندەوە ئەم ململانێ یە بەرجەستە دەکات ، هەروەکو لە «براند» و «پییرجنت» و «ماڵی بووکەشووشە» و «هێدا گابلەر» و «دوژمنی گەل» . . . دا دەبینین .

٤ - ململانێ لەنێوان مرۆڤ‌و سروشت (یا هێزە میتا



شەکسپیر

فیزیکیەکان)دا :-

لەم جۆرە ململانێیەدا مرۆڤ بەسەرسەختیەوە دژ بەو هێزە سروشتی‌یە یا پەنهانە دەوەستێتەوە کە دەیەوێت چۆکی پێ بدات‌و هەرەسی پێ بهێنێت . هەمنگوای لە رۆمانی «پیرەمێردو دەریا» و هیرمان میلڤل لە رۆمانی «مۆبی دیك»دا زۆر بە بڵندیەوە وێنەی ئەو ململانێ توندو تیژەیان کێشاوە .

وئەم تەرزە ململانێیە لە شانۆییە کلاسیکەکاندا دەبینینەوە کە هێزی دووەم خۆی لە قەدەرێکی دڵڕەقدا دەنوێنێت (هەروەکو لە شانۆیی‌ی «ئۆدیپ بەپاشایی»دا دەیبینین ، کاتێك ئۆدیپ خەباتێکی سەخت دەکات دژ بەو چارەنووسەی قەدەر لە تەوێڵی نووسیوە کە ئەویش کوشتنی «لایۆس»ی باوکی‌و هێنانی «جۆکاستا»ی دایکێتی .

ولە شانۆییەکی نوی‌ی وەکو «ئەوانەی بۆ دەریا دەڕۆن»ی جۆن میلینگتۆن سینگ (١٨٧١-١٩٠٩)دا دەبینین ئەو هێزە خۆی لە دەریایەکدا دەنوێنێت کە ڕۆڵەکانی (مۆریا)ی پیرێژن لووش دەدات .

دوای ئەوەی چەشنەکانی ململانێ‌ی دراماییمان پۆل‌کرد دەڵێین کە مەرج نی‌یە شانۆیی تەنها چەشنێك لەو چەشنانە لە خۆبگرێت . بەڵکو زۆربەی جار ئەم ململانێیانە لە تاکە شانۆییەکدا ئامێتە دەبن . بەڵام ڕەنگە جۆرێکیان لەوانی دی زاڵتر بێت .

**گرێ (العقدة ، الحبكة) :-**

«گرێ ئەو تەونەیە کە چیرۆکەکەی پێوە دەچنرێت»[٨]

-سۆمەرسیت موومـ-

گرێ (یان پلۆت Plot) بریتی‌یە لە چۆنیێتی‌ی خستنە ڕووی ڕووداوەکانی چیرۆکی شانۆییەکەو یەك بەدوا یەکدا هاتنی مەنتیقیانەی ئەو ڕووداوانە . (جیاوازی‌ی نێوان چیرۆکی بەگرێ‌و چیرۆکی بێ گرێ جیاوازیەکی زۆر سانایە . . . هاوبەندی‌ی ڕووداوەکان لە چیرۆکی بێ گرێدا بەپێ‌ی یەك بەدوا یەکدا هاتنی زەمەنیان ڕوودەدەن‌و نموونەی ئەوە بەم جۆرەیە - ئەمە ڕوویدا . . پاشان شتێکی دی ڕوویدا . . دوای ئەویش شتێکی دی ڕوویدا . . هتد ، بەڵام ڕووداوەکانی چیرۆکی بەگرێ بەپێ‌ی یەك بەدوا یەکدا هاتنی مەنتیقیان - نەك زەمەنیان - ڕوودەدەن ، نموونەی ئەمەیش بەم جۆرەیە . . ئەم ڕووداوە ڕوویدا بۆیە ئەو ڕووداوەی دی ڕوویدا . . . و هەر بۆیە ئەو ڕووداوەی تریش ڕوویدا . . هتد)[٩] .

جاری واهەیە ڕێ دەکەوێت لە شانۆییدا گرێ‌و چیرۆکەکە یەك شت بن ، بەڵام ئەمە دەگمەنەو لە زۆربەی باردا لێکدی جیاوازن ، هەربۆیە گەر چەند نووسەرێکی شانۆیی تاقە چیرۆکێك بۆ شانۆییەکانیان هەڵبژێرن ، ئەوا دەبینین ئەو شانۆییانە لە ڕووی «گرێ»وە لێکدی جیاواز دەبن ، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی‌ی ڕوانگەی ئەو نووسەرانە لە چارەسەرکردنی هەمان چیرۆکدا ، هەر نووسەرەو لەو گۆشە نیگایەوە دایدەڕێژێتەوە کەلەڕاژەی تێڕوانین‌و بۆچوونەکانی خۆیدا بێت . بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەیش دەتوانین چیرۆکی «ئۆدیپ» بە نموونە بهێنینەوە کە لە مێژووی شانۆدا کۆمەڵێك نووسەری شانۆیی کردوویانەتە ماددەی شانۆییەکانیان ، بەڵام ئەو شانۆییانە لە ڕووی «گرێ»وە لە یەکدی جیاوازن . . . لەو نووسەرانەیش : سۆفۆکلیس (٤٩٧-٤٠٥ پ.ز) ، سینیکا (٤ پ . ز - ٦٥ ز) . ئەندرێ جید (١٨٦٩-١٩٥١) ، جان کۆکتۆ (١٨٩١-) ، هەروەها نووسەری عەرەب «توفیق الحکیم» .

کاتی خۆی ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ .ز) لە کتێبی «شیعر»دا وای داناوە کە «گرێ» گرنگترین بەشی پێکهێنەری شانۆییە ،



یوریپیدس

هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەرستۆ وای دەبینی کە ئامانجی شانۆیی پاکژکردنەوەیە «التطهیر» ، ئەمەیش ئەو کاتە وەدی دێت کە نووسەری شانۆیی بەکارامەییەوە گرێی شانۆییەکەی سازدەکات ، بەڵام لە درامای نوێدا درامانووس زێتر بایەخ بە خولقاندنی کاراکتەرەکانی دەدات لەبەر ئەوەی بنەرەتی ململانێ دراماییەکەن و «گرێ» کە چوارچێوەیەکە بۆ هەڵسوکەوتی کاراکتەرەکان ، یان مەیدانێکە بۆ ململانێکەو چیرۆک و ڕووداوەکان ئەو بایەخەی کاراکتەریان بەنیسبەت درامانووسی ڕەسەنەوە نی یە ، تەنانەت ڕەخنەسازێکی شانۆیی وەکو والتەر کیر زێتر پێ لەمە دادەگرێت و دەڵێت :

(بێگومان ئەزموونی نووسەرە شانۆییەکان هەر لە «ئیبسن»ەوە تا «میللەر» بە ئەنجامێکمان دەگەیەنن :- پیاوێك دروست بکەیت چاکترە لەوەی بیرۆکەیەك دروست بکەیت)[١٠] .

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت درامانووس ئەو ئەرکە گرنگانەی کە «گرێ» بەجێیان دەهێنێت فەرامۆش بکات ، گرنگترینی ئەو ئەرکانەیش یارمەتیی خولقاندنی نەهامەتیی درامایی «الازمة الدرامیة»یە بۆ کێشکردنی سەرنج و دروستکردنی تامەزرۆیی «تشویق» و بۆ گەیشتن بەترۆپك «الذروة» ، هەر بۆیە ئیریك بنتلی گوتەنی (گرێ ئەو چۆنێتییەیە کە بەیەکاچوون دەخولقێنێت ، لە پۆلیسێکی چەتوونی هاتوچۆ دەچێت کە ناهێڵێت ئۆتۆمۆبێلەکان بەنۆرە بەدوایەکدا بپەڕنەوە بەڵکو وایان لێدەکات بە یەکدا بدەن ، ئەو بەیەکاچوونەیش خەڵکی دەوروژێنێت بزانن هۆکەی چی بووە ، بەیەکاچوونەکانیش دەتوانرێ بە جۆرێك ڕێك بخرێن کە چاوەڕوانیان لا بخولقێنن)[١١] .

هەروەها دەبێ گرێ بابەتی شانۆییەکە بخاتەڕووو لە گەڵیشیدا تەبابێت و شیرازەی ڕووداوەکان شێوەیەکی سروشتی وەربگرێت و لەزۆر لێکردن و «موبالەغە» بەدووربێت ، و گرێ کە بە جۆرێك بچنرێت کە لە کۆتاییدا چارەسەرەکەی زادەی کردەوەی کارکتەرو هەڵوێستەکان بێت نەك لەلایەن نووسەرەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا تێ بئاخنرێت[١٢] کە ئەمە لەبەهای کارەکە دەهێنێتە خوارەوە .

توخمە سەرەکیەکانیش لە «گرێ»دا بریتین لە :- پاڵەوان ، وئامانج و ، ڕێگر یا لەمپەر «عقبة» ، پاڵەوانەکان لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا خەبات دەکەن و بەڵام کۆمەڵێك لەمپەر لەبەردەمیاندا قوت دەبنەوە کە ململانێی نێوان دوو هێزە دژ بە یەکەکەی شانۆییەکە دەخولقێنێت و پاڵەوانیش بەرهەڵستی دەکات و هەوڵدەدات بە سەریاندا زاڵ بێت .

دواشت کە پەیوەندیی بە «گرێ»وە هەبێت ئەوەیە کە پێویستە نووسەری شانۆیی لە هەموو ئەو ڕووداوو شتە لاوەکیانە بەدووربێت کە خزمەتی ململانێی سەرەکیی و هێڵی درامایی گشتیی شانۆییەکە ناکەن و ، گەر وا ڕێکەوت شانۆییەکە جگە لە «گرێی سەرەکی» «گرێی لاوەکی»شی تێدا بوو ئەوا دەبێت ئەو گرێ لاوەکیە لە خزمەتی گرێ سەرەکیەکەدا بێت .

**کاراکتەر :-**

«ئێوە لۆمەی مەوزوعیەتم دەکەن و ناوی دەنێن گوێ نەدانە چاکەو خراپەو کەموکوڕی لە بیروباوەڕداو . . هتد . کاتێك دەمەوێ وەسفی ئەسپ دزان بکەم ، دەتانەوێ بڵێم دزینی ئەسپ خراپەیە ، بەڵام ئەوە شتێکە بەماوەیەکی زۆر بەرلەمنیش زانراوە»[١٣]

—چیخۆف—

کاتێك سەبارەت ململانێی درامایی دواین کە ئەنجامی

کاروکردەوەی کاراکتەرەکانە . . . واتە ئەنجامی ئەو ململانێیەیە کە لە نێوان کارکتەرەکانو ویستو خواستنی دژ بەیەکیاندا دروست دەبێت ، بۆیە ئەو کاراکتەرانە چەند زیندووبنو نووسەر بە وردییەوە وێنەیان بکێشێتو ئیرادەو هاندەرەکان «دوافع»یان بەهێز بێت ئەوەندە ململانێکەیش بەهێز دەبێت ، با چاوێك بە مێژووی شانۆدا بخشێنین ئەوسا دەزانین زیندوویەتی ی کاراکتەر چۆن سەرکەوتوویی و ناوازەیی بە زۆر شانۆیی بەخشیوەو بەرادەیەك وەکو کەسانی زیندوو لە یادی مرۆڤایەتیدا ماونەتەوە وەکو :– هاملێت ، ماکبێث ، فاوست ، هێدا گابلەر ، ویلی لۆمان . . . . هتد . هەربۆیە خولقاندنی کاراکتەر لە دژوارترین کارەکانی نووسەری شانۆیی یە ، هەر ئەمەیشە وا لە نووسەرێکی شانۆیی ی وەکو گالسورذی (١٨٦٧–١٩٣٣) دەکات بڵێت (مەسەلەی خولقاندنی کاراکتەر مەسەلەیەکی ئاڵۆزە . . .و ناتوانرێت پێناسێکی وردی رێكو پێکی بکرێت)[١٤] ، بەڵام وێرای ئەمانیش چەند شتێکی بنچینەیی هەن نووسەری شانۆیی لە وێنە کێشانی شانۆییەکەیدا رەچاویان دەکات ، لەوانە چاکتر وایە نووسەری شانۆیی نموونەی کاراکتەرەکانی لە کەسانی نێو ژیانەوە وەربگرێت[١٥] ، هەروەکو والتەر کیریش دەڵێت (گەر کەرەسەی خاوی گرێ برێتی بێت لە رووداوەکان ، وبەتایبەتی رووداوە توندو تیژەکان ، ئەوا کەرەسەی خاوی کاراکتەر خەڵکی یە)[١٦] ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی یە نووسەر بە شێوەیەکی فۆتۆگرافی ئەو کاراکتەرە لە ژیانەوە بۆشانۆییەکی بگوێزێتەوە ، لە راستیدا ئەم کارە خۆی لەخۆیدا لە هونەردا نەشیاوە ، چونکە گواستنەوەی رووتی دەقاودەقی شتەکانی ژیان هونەر ناخولقێنێت ، ژیانیش وەکو فەرهەنگێکە هونەرمەند پەنای دەباتەبەر . نووسەری دراماییش رەنگە سیفاتی کۆمەڵێك کەسان کە لە ژیاندا سەرنجی داون لە کاراکتەرێکدا کۆبکاتەوە بەڵام هەر دەبێت پێگیری لە سیفەتێك لەو سیفەتانە لە کاراکتەرەکەدا بکات وەکو چۆن ئەمە لە تێفکرینو دردۆنگی



اسخيلوس

«قلق»ەکەی هاملێتو چاوچنۆکی «طمع»و پایە پەرستیەکەی ماکبێثو خۆشباوەڕیەکەی ئۆتێلۆدا دەبینینەوە .

هەروەها نووسەری شانۆیی پێویستە بەر لە نووسینی شانۆییەکەی وێنەی کاراکتەرەکانی بەتەواوی لا بخولقێت :–

هاندەرەکانیان . . ئاواتو خۆزگەکانیان . . دیوی دەرەوەو ناوەوەی ئەو کاراکتەرانەو هەموو ئەو گۆڕانو پەرەسەندنانەی بەدرێژایی شانۆییەکە بەسەریاندا دێتو ، نابێت نووسەر رەفتارێك یا سیفەتێك بەسەر کاراکتەرەکەیدا بسەپێنێت کە لەگەڵ سروشتیدا ناگونجێت ، بەڵکو پێویستە هەموو هەڵسو کەوتێکی کاراکتەرەکە لەگەڵ سروشتیدا بگونجێتو هەر خۆیشی لە میانەی ئەو کارانەوەی پێیان هەڵدەسێت دەبێت خۆی بە خوێنەران (تەماشاکەران) بناسێنێت کە مرۆڤێکی پیاوکوژە یا خۆشەویستە یا خۆپەرستە . . . هتدو ، پێویستە هەر کاراکتەرەیش (بەتایبەتی سەرەکیەکان) خاوەن تاکێتیو تایبەتمەندێتی خۆی بێت .

وشتێکی دی هەیە کە پێویستە نووسەر لە وێنەکێشانی کاراکتەرەکانیدا رەچاوی بکات (ئەگەرچی مەرج نی یە دەقاودەق پێوەیان بەندبێت) ئەویش دیاریکردنی مەوداکانی ئەو کاراکتەرانەیە کە برێتین لە :–

١ – مەودای فسیۆلۆجی :– ئایا ئەو کاراکتەرە لەچ رەگەزێکە ؟ (نێرە یا مێیە) ، تەمەنی چەندە شێوەو رواڵەتی دەرەوەی ، کەموکوڕیە لەشیەکانی ، کاریگەریی بۆماوە «وراثة» لەسەری .

٢ – مەودای سۆسیۆلۆجی :– سەر بەچ چینێکە ؟ ، جۆری

کارەکەی ، پلەی رۆشنبیریی ، ژیانی خێزانیی ، ئایینی ، پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانی ، نەتەوەکەی .

٣ – مەودای سایکۆلۆجی :– ژیانی سێکسیی کاراکتەرەکە ، پێوەندگی ئەخلاقیی ، ئامانجە شەخسیەکانی ، سروشتی ، گرێ دەروونیەکانی ، تەرزی کەسێتیی تواناو بەهرەمەندیی .

**دیالۆگی درامایی :–**

دیالۆگی درامایی «الحوار الدرامي» ئەو خاسیەتەی درامایە کە لە کارە ئەدەبیەکانی دی جیادەکاتەوە ، ئەگەرچی لە رۆمانو چیرۆکیشدا دیالۆگ بەکاردەهێنرێت بەلآم لەبەرئەوەی لەو بارەدا دیالۆگ تاقە هۆ نی یە بۆ خستنە رووی رووداوەکانو کاراکتەرەکان ، بەلکو لەپال ئەمەیشدا نووسەر پەنادەباتە بەر وەسفو شیکردنەوەیش ، بەلآم لە شانۆییدا رووداوەکانو کاراکتەرەکان تێکرا بەهۆی دیالۆگەوە خۆیان دەخەنە روو بۆیە دیالۆگ لە شانۆییدا بەکلیلی شانۆییەکە لە قەلەم دەدرێت .

دیالۆگی دراماییش لە دیالۆگی ژیانی رۆژانە جیاوازەو ، بەگواستنەوەی وتووێژێکی نێوان دووکەسی ئاسایی لە ژیانی رۆژانەدا بۆشانۆ دیالۆگێکی درامایمان چنگ ناکەوێت ، چونکە دیالۆگی درامایی چەند خاسیەتو ئەرکێکی تایبەتی لەخۆ دەگرێت ، بۆیە گەر بێتو نووسەری شانۆیی لەوە بەئاگا نەبێتو پەیوەندیی نێوان دیالۆگو پەرەسەندنی رووداوە شانۆییەکانو سروشتی کاراکتەرەکان ون بکات ئەوا ناتوانین بە نووسەرێکی سەرکەوتووی شانۆی لە قەلەم بدەین ، لە

**گرنگترین ئەو خاسیەتانەیش :–**

١ – دیالۆگ لە شانۆدا بۆ ئەوە دەنووسرێت لە لایەن ئەکتەرەوە بگوترێت نەك بۆخوێندنەوە .

٢ – دەبێت لەگەل سروشتی کاراکتەرەکەدا بگونجێتو لایەنی دەروونیو هەستو سۆزو چۆنێتی بیرکردنەوەی بخاتە روو .

٣ – هەر دیالۆگێك دەبێ رۆلی لە پەرەسەندنی کاراکتەرەکانو رووداوەکاندا هەبێت ، خۆگەر وانەبێت ئەوا ئەو دیالۆگە زیادەیە .

٤ – پارمەتیی خولقاندنی کەشی دەروونیی گشتی «الجو النفسي العام»ی شانۆییەکە دەدات .

٥ – نابێ دیالۆگەکە وتاربێژانە «خطابي» یا لیریکی «غنائي» بێتو لە ئەرکە دراماییەکەی دوور بکەوێتەوە .

لێرەدا پێویستە دیاردی بۆ ئەو رۆلە گرنگەیش بکەین کە دیالۆگ لە شانۆیی کۆمێدیاییدا دەیبینێت ، بۆ ئەمەیش دەلێین نابێ نووسەر پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی قسەیەکی پێکەنین هێنەر یا نوکتەیەك کە لە سروشتی کاراکتەرەکەوە دووربێت ، بەلکو دەبێ ئەو دیالۆگە بە شێوەیەکی ئاسایی زادەی ناوەوەی ئەو کاراکتەرەو هەلوێستە شانۆییەکان بێت .

لە کۆتاییدا دەمانەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دیالۆگ لە شانۆیی شیعریدا بەهەمان ئەو ئەرکانەی لێیانەوە دواین هەلدەسێت ، ئەمەو جگە لەوەی نووسەری شانۆیی شیعری دەبێ رەچاوی وشەو کێشو وێنەی شیعریش بکات ، لە راستیدا شانۆی شیعریو دیالۆگی شیعری توێژینەوەیەکی فراوان لەخۆ دەگرێت ، بەلآم ئێمە لێرەدا لە سنووری ئاماژەکردندا دەوەستین .

* * *

لە کۆتاییدا دەلێین لەم توێژینەوەیەدا نەمانویستووە بینای درامایی هەر لە سەرەتای سەرهەلدانی شانۆوە شی‌بکەینەوەو بەپێی ئەو قۆناغانەی شانۆ بریونی هەنگاو بەهەنگاو لەگەلیدا برۆین ، چونکە ئەمە لە سنووری کورتە توێژینەوەیەکی وا دەردەچێت، بەلآم وێرای ئەوەیش دەلێین ئەو بنچینانەی لێوەیان دواوین گشتگری «شمولیة»یەکی تێدایە کە شانۆ وەکو شێوازێکی ئەدەبی ناتوانێت رەچاوی نەکات ، هەروەك دەبینین شانۆیی بێ ململانێ وەدی نایەت ، جائیدی ئەو ململانێ‌یە توندو تیژ بێت یا هێمنو پەنهانو ، بەهەمان چەشن «گرێ»و «کاراکتەر» و «دیالۆگ»یش لەو بنچینانەن کە شانۆیی ناتوانێت

فەرامۆشیان بکات ، ئەگەرچی بەپێویستی دەزانین لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە گرنگیو بایەخدان بەلایەنێك لەوانە بەپێ‌ی ڕێبازو نووسەرو سەردەم جیاواز بوون ، بۆنموونە نووسەری فەرەنسایی یوجین سکریب (١٧٩١–١٨٦١) «گرێ»ی لە شانۆییدا لە هەموو لایەنەکانی دی پێ گرنگتر بووە هەربۆیە بانگاشەی بۆ «شانۆیی‌ی توندوتۆڵ سازکراو – المسرحیة المحکمة الصنع» کردووە ، یان لای نووسەرانێکی وەکو برناردشۆ (١٨٥٦–١٩٥٠)و ئیبسن بەهای «دیالۆگ» بایەخێکی زێتری هەبووەو ، یان شەکسپیر گرنگیەکی تەواوی بە وێنەکێشانی کاراکتەرەکانی داوە .

هەروەها ئاماژە بۆئەوە دەکەین کە ئەو نووسەرە شانۆییانەی دژ بە شانۆی تەقلیدی (کە ئەم تۆژینەوەیەمان زێتر ئەم شانۆیە دەگرێتەوە) وەستانەوەو بۆنموونە لەوانە برتۆلت برێخت (١٨٩٨–١٩٥٦)و شانۆ داستانی‌یەکەی‌و ، نووسەرانی شانۆی ئەبسێرد «اللامعقول» (بیکیت‌و یۆنسکۆو ئالبی‌و جینیەو . . . هتد) لە زۆر ڕووەوە هێرشیان کردە سەر ئەو بنچینانەو گۆڕانکاریان لە هونەری نووسینی شانۆییدا کرد کە ئەمەش بابەتی تۆژینەوەیەکی فراوانەو لێرەدا بواری ئەوە نی‌یە لەسەری بڕۆین .

دوا شت دەمانەوێ ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئامانجی ئەم نووسینە شیکردنەوەی بنچینەکانی بنیادی درامایی نمایشنامەیە کە پێویستە نەك بەتەنها نووسەری شانۆیی بەڵکو دەرهێنەرو ئەکتەرو تەماشاکەریش شارەزاییان سەبارەت هەبێت ، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لەو شانۆییە بگەین‌و چێژی لێ ببینین کە دەیخوێنینەوە یان لەسەر تەختەی شانۆ دەیبینین‌و بەمەیش تێڕوانینێکی ڕەخنەیی وامان لا دەخولقێت کە بتوانین شانۆییەکی سەرکەوتووی پێ لە شانۆییەکی ناسەرکەوتوو جیا بکەینەوە .

**پەراوێزەکان :–**

١ – المدخل إلی الفنون المسرحیة ص ١٩٥ .

٢ – الفنان والانسان ص ١٢٩ ، تألیف :– د . زکریا إبراهیم

٣ – فن الکاتب المسرحي ص ٥٨ .

٤ – الحیاة في الدراما ص ١٥٣ .

٥ – ئەمە وتارێك بوو پرونتیر لە ساڵی ١٨٩٤دا نووسی ، بێگومان چەند ڕەخنەنووسێك دژ بەو ڕایانە وەستانەوە کە پرونتیر لەم وتارەدا دەیخانەڕووو لەوانە «ولیام ئارچەری» کە دەڵێت بنچینەی دراما نەهامەتی «أزمة»یە نەك ململانێ .

٦ – فن الکاتب المسرحي ص ١٢٤ .

٧ – الحیاة في الدراما ص ١٤ .

٨ – فن الکاتب المسرحي ص ١٩١ .

٩ – فن المسرحیة ص ٣٩٣ .

١٠ – عیوب التألیف المسرحي ص ٩٣ .

١١ – الحیاة في الدراما ص ٤١ .

١٢ – زۆر جار لە شانۆییە گریکیە کۆنەکاندا گرێ کە وا ئاڵۆز دەبوو کە نەدەتوانرا چارەسەر بکرێت بۆیە خواوەندێك لەناو ئامێرێکدا بۆسەر تەختەی شانۆ شۆڕ دەکرایەوەو چارەسەری گرێکەی دەکرد ، هەر بۆیە ئەم فێڵە شانۆییە ناونرا خواوەند لە ئامێرەوە «الاله من الآلة» .

١٣ – عیوب التألیف المسرحي ص ١٠٣ .

١٤ – فن الکاتب المسرحي ص ١٦٥ .

١٥ – نووسەر سەربەستە لەوەدا کە بابەت‌و کاراکتەرانی شانۆییەکە لە چ سەرچاوەیەکەوە (مێژوو ، ئەفسانە ، کەلەپوور . . . هتد) وەردەگرێ بەڵام وەکو سەرەتای ژیانی نووسینی بۆشانۆ گەر لە ژیانەوە ئەو بابەت‌و کاراکتەرە وەربگرێت چاکترە .

١٦ – عیوب التألیف المسرحي ص ٤٤ .

## ئەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی ئەم باسە سوودم لێ بینیون :–


١ – فن الکاتب المسرحي ، تألیف : روجر م . بسفیلد (الابن) ، ترجمة وتقدیم : دریني خشبة ، مؤسسة فرانکلین للطباعة والنشر – القاهرة – اکتوبر سنة ١٩٦٤ .

٢ – عیوب التألیف المسرحي ، تألیف :– والترکیر ، ترجمة : عبدالحلیم البشلاوي – مکتبة مصر – القاهرة – سنة ١٩٦٠ .

٣ – الحیاة في الدراما ، تألیف : اریك بنتلي ، ترجمة :– جبرا إبراهیم جبرا – المکتبة العصریة – صیدا – بیروت ١٩٦٨ .

٤ – فن کتابة المسرحیة ، تألیف :– لاجوس ایگري ، تقدیم : جلبرت ملر ، ترجمة : دریني خشبة ، مکتبة الأنجلو المصریة سنة ؟ .

٥ – فن المسرحیة ، تألیف : فرد ب . میللیت وجیرالد ایدس بنتلي ، ترجمة : صدقي خطاب ، مراجعة : د . محمود السمرة ، دار الثقافة – بیروت ١٩٦٦ .

٦ – المدخل الی الفنون المسرحیة ، تألیف : فرانك م . هوایتنگ ، ترجمة :– کامل یوسف و د . رمزي مصطفی وبدرالدین ودریني خشبة ومحمود السباع ، مراجعة : حسن محمود و سعید خطاب ، دار المعرفة – القاهرة سنة ١٩٧٠ .

٧ – الدراما بین النظریة والتطبیق ، تألیف : حسین رامز محمد رضا ، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر – بیروت ط ١ سنة ١٩٧٢ .

٨ – المسرحیة – کیف ندرسها ونتذوقها ، تألیف : ملتون مارکس ، ترجمة :– فرید مدور بیروت – ١٩٦٥ .

٩ – المسرحیة ، نشأتها – تاریخها – اصولها ، تألیف : عمر الدسوقي ، دار الفکر العربي ط ٥ سنة ١٩٧٠ .